ئەو کەسەی سورەتی فاتحە نەخوێنێت ، وە فەرموویەتی خوێندنی سورەتی فاتحە بۆ نەخۆشیەکان شیفایە، کەواتە خوێندنی سورەتی فاتحە لە ناو نوێژدا ڕوکنە و دەبێت بخوێنرێت وە سوننەتەو دروستە وەکو روقیەی شەرعی بەسەر نەخۆشدا بخوێندرێت بەلاَم نەیفەرمووە سورەتی فاتحە لە تەعزیە بۆ مردووان بخوێنن و پێیان دەگات کەواتە خوێندنی سورەتی فاتحە بۆ مردوان بیدعەیە و زیادە و جائیز نیە، چونکە ئەگەر باش بووایە پێغەمبەری خودا ﷺ پێی دەووتین بیخوێنین، وە موسوڵمانان دەبێت شوێن کەوتەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا بن ﷺ نابێت شوێن کەوتەی ووتەی هیچ زانایەك بن ئەگەر ووتەکەیان پەیوەست نەبێت بە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ ، وە گشت عیبادەتەکانی تر دەبێت بەم شێوەیە بکرێت کە باسم کرد ، موسوڵمانی بەڕێز ئەم دوو نمونەیەم بۆ ئەوە باس کرد بۆ ئەوەی ببێتە بە درۆ خستنەوەی قسەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئەوانە باوەڕیان بە زیکرکردن و سەڵەوات دان نیە .

تێبینی ١: لە نووسینی ئەم نامیلکەیە سوودم وەرگرتووە لە کتابی (قاموس البدع) لشیخ الألباني ، وەکتابی ( قاموس البدع ) لشیخ صلاح الدین محمود.

تێبینی ٢: هەر کەسێك ئەم نامیلکەیەی خوێندەوە واجبە لەسەری بیپارێزێت ، نابێت بیدڕێنێت یان فڕەی بدات ، چونکە ئەم نامیلکەیە قورئان و فەرموودە و زانستی شەرعی تیایە .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

٦/ذو الحجة ١٤٣٣هـ

٢٢/١٠/٢٠١٢م

سۆران





# بیدعە بەر بڵاوەکانی ناو کۆمەڵگا

قال النبي ﷺ (كُلُّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَة، وَكُلُّ ضَلاَلَةٍ فِي النّارِ) صححه الالباني

واتە: گشت داهێنراوێك لە دیندا گومڕاییە وە گشت گومڕاییەکیش بۆ ئاگرە

نوسینی

م. هەڵگورد مصطفی گەلاڵی

لە بڵاوکراوەی ئەم سایتانە

www.regayislam.com

www.fermude.com

پەرتوکخانەی دێرین / سۆران

0750 7813181

٤٣ . زکرکردن بەدەنگ و بەجەماعی لە دوای نوێژە فەڕزەکان.

٤٤ . صەڵەوات دان و هەدیە کردنی فاتیحە لە دوای بانگدان لەلایەن مؤذنە وە.

وە زۆر بیدعەی ترهەن کە بەر بلاَون لەناو کۆمەڵگا بەلاَم لەبەر درێژ بوونەوەی بابەتەکە باسمان نەکردوون .

موسوڵمانی بەڕێز ئەو بیدعانەی باسکران بریتین لەو عیبادەتانەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ فێری ئومەتەکەی نەکردووە کە بەم شێوەیە بیکەن، بەڵکو هەر شتێك خێر و باش بێت پێغەمبەری خودا ﷺ خەڵکی لێ ئاگادار کردوەتەوەو فێری کردوون، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە (ما تركت شيئا يقربكم إلى الله إلا وأمرتكم به وما تركت شيئا يباعدكم عن الله ويقربكم إلى النار إلا وقد نهيتكم عنه)[٦] . واتە: هیچ شتێك نەماوە کە باش بێت بۆ ئێوەو لە خودای پەروەردگار نزیکتان بکاتەوە ئیلا ئەمری ئێوەم پێ کردووە بە کردنی ، وە هیچ شتێك نەماوە کە ئێوە لە خودای پەروەردگار دوور کاتەوە، وە لە ئاگر نزیکتان بکاتەوە ئیلا نەهی ئێوەم لێ کردووە ، کەواتە موسوڵمانی بەڕێز لەم فەرموودەیە دا بۆمان دەرکەوت کە پێغەمبەری خودا ﷺ هەموو شتێکی باشی بە ئومەتەکەی فەرمووە ، باشە ئەگەر ئەم بیدعانەی باسم کردوون باش بوونایە بۆ بە ئوممەتەکەی نەووت ئەنجامی بدەن. وەهەروەها پێغەمبەری خودا ﷺ نێردراوی خودایەو گەیەنەری پەیامەکەیەتی وەکو خۆی ، وە بەبێ گومان هیچ شتێك لە پەیامی خودا باشتر نیە، کەواتە ئەو بیدعانەی باسکراون باش نین چونکە لەناو پەیامەکەی خودای پەروەردگار نین، بۆیە ئیمامی مالك ڕەحمەتی خودای پەروەردگاری لێبێت ، دەفەرمووێت: (مَنِ ابْتَدَعَ فِي الإِسْلامِ بِدْعَةً وهو يَرَاهَا حَسَنَةً فَقَد زَعَمَ أنّ مُحَمّدًا ﷺ خانَ الرِّسالةَ) لان الله يقول

[٦] صححه الألباني في السلسلة الصحيحة .



و سپلیت و موبایل و وە شتی تر ئەمانە حەڕام نین چونکە ئەمانە بیدعەن لە دونیادا نەك لە دیندا، وە هەروەها بیدعە لە دیندا بە گشتی حەرامە و بیدعەی حەسەنە لە دیندا نیە بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە : (كُلُّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٍ، وَكُلُّ ضَلاَلَةٍ فِي النّارِ)[٢] واتە: گشت بیدعەیەك گومڕاییە وە گشت گومڕاییەك بۆ ناو ئاگرە ، وە هەروەها بە بەڵگەی عەقڵیش ئایە موسوڵمانان بۆ ئێمە دروستە لەناو رکوعی نوێژ دا لە جیاتی بڵێین (سبحان ربى العظيم) سورەتی (الفاتحة) بخوێنین لە وەلاَم دا دەڵێن نەخێر چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ فێری ئێمەی کردووە زکرەکە بڵێین تیایدا نەك خوێندنی سورەتی (الفاتحة) کەواتە گشت عیبادەتەکانی تریش دەبێت لە جێگای خۆیان بکرێن و بە بەڵگە بکرێت نەك هەر کەسەی شتێك بە ئارەزووی خۆی دابهێنێت و بیداتە پاڵ دین ، کەواتە واجبە لەسەرمان تەنها شوێن سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەری خودا ﷺ بکەوین لەسەر سوننەت بڕۆین هیچ بیدعەیەك دانەهێنین و لەسەری نەڕۆین هەر وەکو عبداللە ی کوڕی مسعود (رضي الله عنه) دەڵێت: (اتَّبِعُوا وَلاَ تَبْتَدِعُوا " فَقَدْ كُفِيتُمْ)[٣] واتە: شوێن سوننەتی پێغەمبەری خودا ﷺ بکەون و شت لە ناو دیندا زیاد مەکەن چونکە شوێن کەوتنی سوننەت کیفایەتەو پێویست بە بیدعەو شتی زیاد ناکات ، وە عبداللە ی کوری عمر (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: (كُلُّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَإِنْ رَآهَا النّاسُ حَسَنَةً)[٤]

واتە: گشت بیدعەیەك گومڕاییە ئەگەر خەڵکیش بە چاکی دابنێن ، لە کۆتاییدا داواکارم لە خودای پەروەردگار هیدایەتمان بدات بۆ ڕێگە ڕاستەکەی ئیسلام کە ڕۆیشتنە لەسەر سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەری خودا ﷺ ئامین .

[٢] صححه الالباني .

[٣] رواه الطبراني بسند صحيح .

[٤] صححه الألباني .

## پێشەکی

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد ﷺ وآله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

له دوای سوپاس و ستایش بۆ خودای پەروەردگار و درودو سەلام بۆ سەر گیانی پێغەمبەری نازدار ﷺ وە گشت خزم و هاوەڵانی وە گشت ئەو کەسانەی شوێن ئەوان دەکەون بە چاکە تا ڕۆژی دوایی.

موسوڵمانی بەڕێز بە پێویستم زانی بە کورتی باسی ئەو بیدعانە بکەم کە لەناو موسوڵمانان بەر بڵاون و لێی بێ ئاگان ، بۆ ئەوەی ببێت بە ئاگاداری و ئامۆژگاریەك بۆ گشت موسوڵمانێك، چونکە ئەگەر مرۆڤ نەزانێت چ شتێك بیدعەیە بێگومان تووشی دەبێت و دەکەوێتە ناویەوە، جا پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتەکەوە پێویستە بزانین بیدعە چی یە؟ بیدعە: بریتیە لە کردنی عیبادەتێك کە پێغەمبەری خودا ﷺ نەی کردبێت ، یان ئەمری پێ نەکردبێت بە ئەنجامدانی ، وە بیدعە لەسێ روکن پێك دێت ، یەکەم: داهێنانی شتێکی نوێ ، دووەم: ئەم شتە نوێیە بەڵگەی لەسەر نەبێت ، سێیەم: بدرێتە پاڵ دین، واتە بە مەبەستی خێر و چاکە بکرێت، بەڵگەش لەسەر ئەم سێ روکنە ئەم فەرموودە ڕاستەیە (مَنْ أحْدَثَ في أمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ) [١] واتە: هەر کەسێك شتێك دابهێنێت لەناو دینی ئێمە دا وە ئەم شتە لە دینی ئێمەدا نەبێت ، وە بەناوی دین بکرێت ئەوە مەردودەو قەبووڵ نیە. کەواتە بۆمان دەرکەوت لەم فەرموودە پیرۆزە دا هەر شتێك بەناوی عیبادەتەوە بکرێت بەبێ بەڵگە حەرامە و قەبووڵ نیە ، بەڵام ئەو شتە نوێیانەی لە دونیا دا پەیدا بوون کە پەیوەندیان بە دینەوە نیە وەکو سەیارە و تەیارە

[١] متفق عليه .



(الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلامَ دِيناً) (فما لم يكن يومئذ دينا فلا يكون اليوم دينا) [٧] . واتە: هەر کەسێك بیدعەیەك لەناو ئیسلام دا دابهێنێت ، وە وابزانێت ئەم بیدعەیە خێرە و باشە ، ئەوا ئەو کەسە وای گومان بردووە کە (محمد) ﷺ خیانەتی لە پەیامەکەی خودای پەروەردگار کردووە، چونکە خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ئەمڕۆ دینم بۆ ئێوە تەواو کرد ، وە نیعمەتەکانی خۆم بەسەر ئێوە تەواو کرد ، وە ڕازیم بۆ ئێوە ئیسلام دینتان بێت، کەواتە هەر شتێك لەسەردەمی پێغەمبەری خودا ﷺ دین نەبوبێت نابێت ئەمڕۆ دین بێت، وە فەرموویەتی (لا يصلح آخر هذه الأمة إلا بما صلح به أولها) ، واتە: کۆتایی ئەم ئوممەتەباش نابێت ڕزگار نابێت لە گومڕایی ئیلا بەو شتە نەبێت کە ئەوانی پێشوو پێی باش بوون و ڕزگاربوون، کە ئەویش بریتیە لە دەست گرتن بە قورئان و فەرموودە، وە شوێن کەوتنی پێغەمبەری خودا ﷺ بەبێ زیاد و کەم . کەواتە موسوڵمانی بەڕێز هیچ شتێك بەناوی دین لەخۆتەوە مەکە ، یان بە لاسایی بیدعەچیەکان مەکە ، بەڵکو دینداریەکەت با پەیوەست بێت بە بەڵگە و شوێن کەوتنی پێغەمبەری خودا ﷺ ، بۆ نمونە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی لە ڕۆژی هەینی دا زۆر سەڵەوات لەسەر من بدەن چونکە مەلائیکەتەکان بۆم دەهێنن ، کەواتە سەڵەوات دان لە ڕۆژی هەینی دا سوننەتە ، بەڵام سەڵەوات دان لەکاتی تەوقەکردن دا بیدعەیە چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ بە ئوممەتەکەی نەوتووە لەم کاتەدا بە بەردەوامی سەڵەوات لەسەر من بدەن ، کەواتە سەڵەوات دان خێرە و باشە بەڵام دەبێت بە گوێرەی سوننەت ئەنجام بدەیت ، وە هەروەها فەرموویەتی سورەتی فاتحە لە ناو نوێژدا بخوێنن چونکە قەبوڵ نابێت نوێژی

[٧] الاعتصام للشاطبي ٦٢/١ .



## بیدعە بەر بڵاوەکانی ناو کۆمەڵگا

١. ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەری خودا ﷺ کە پێی دەڵێن (مەولود).
٢. قنوت خوێندن لە نوێژی بەیانی بە بەردەوامی .
٣. دوو ركەعەت سوننەت پێش ووتاری هەینی لە ڕۆژی هەینی دا .
٤. قورئان خوێندن لەسەر مكبرة لە شەو و ڕۆژی هەینی دا لەمزگەوت .
٥. زیكركردن و سەڵاوات دان لەسەر مكبرة لە شەوی هەینی دا کە پێی دەڵێن (سەڵاكردن)
٦. دووبارە کردنەوەی نوێژی نیوەڕۆ لە دوای نوێژی هەینی دا .
٧. دوعا كردنی مؤذن بە دەنگی بەرز لە ڕۆژی هەینی دا .
٨. دەست بەرزكردنەوەی خەڵكی لەكاتی دوعاكردنی خەتیب لە ڕۆژی هەینی دا .
٩. زیكركردن بە تەسبیح یان بە دەستی چەپ .
١٠. زیكركردن تەنها بە ووشەی (الله) یان ووشەی (آە ، آە ، آە) یان (هو ، هو) .
١١. زیكركردن بە كۆمەڵ لە دوای نوێژە فەرزەكان و هەڵبڕینی دەنگی بەرز لەلایەن مؤذنەكەوە.
١٢. زیكركردن لە نێوان بانگ و قامەت . (تەسبیحات كردن پێش نوێژە فەرزەكان)
١٣. تەوقە كردن لە دوای نوێژە فەرزەكان بە بەردەوامی وە وتنی (تقبل الله).
١٤. زیكركردن لە نێوان نوێژی تەراویح .
١٥. مل بادان لەكاتی زیكركردن دا .
١٦. ووتنی (١٢٤٠٠٠) صەلوات لەسەر دیداری پێغەمبەری خودا ﷺ .
١٧. فاتیحە خوێندن لە تەعزیە بۆ مردوو .
١٨. تەلقیندانی مردوو لە گۆڕستان لە لایەن مامۆستای ئاینی.
١٩. كۆبوونەوەو دانیشتن بۆ تەعزیە لە مزگەوت یان لە غەیری مزگەوت.[٥]
٢٠. قورئان خوێندن بۆ مردوو لە مزگەوت لە لایەن قورئان خوێنێكەوە.
٢١. قورئان خوێندن لەسەر گۆڕستان بۆ مردوو .

[٥] زاد المعاد ( ١/ ٣٠٤ ) و إصلاح المساجد من البدع والعوائد للقاسمي ( ١٨٠ – ١٨١ ) و سفر السعادة لفيروز آبادي ( ٥٧ )



٢٢. هەدیە كردنی سورەتی فاتیحە بۆ مردوو.
٢٣. نیەت هێنان بە زمان بۆ نوێژو ڕۆژو گرتن .
٢٤. مەسح كردنی دەم و چاو لە دوای دوعا كردن .
٢٥. مەسح كردن و فوو كردن بە لاشە لەدوای خوێندنی ئایەتی كورسی لەدوای نوێژە فەرزەكان .
٢٦. خوێندنی سورەتی (یس) لەسەر ئەو كەسەی خەریكە بمرێت .
٢٧. تایبەت كردنی دوعا لە دوای نوێژە فەرزەكان بە بەردەوامی.
٢٨. قورئان خوێندن لە نێوان تەكبیرەكانی ڕۆژی جەژن .
٢٩. ووتنی (الصلاة جامعة) لە لایەن ئیمامەوە پێش نوێژی جەژن .
٣٠. بانگ و قامەت كردن پێش نوێژی جەژن .
٣١. ووتنی (الإمساك ) لەكاتی پارشێو كردنی ڕەمەزاندا .
٣٢. گۆرانی و مۆسیقای سۆفی و حزبە ئیسلامیەكان .
٣٣. وە دەف لێدان بیدعەیە جگە لە كاتی جەژن وە كاتی مارە بڕین وە كاتی هاتنەوەی كەسێك لەسەفەر ، وەئەمەش تایبەتە بە ئافرەتان.
٣٤. حزبایەتی بەناوی دین .
٣٥. وە شمشێر لە خۆ دان و گڵاس خواردن و هەڵپەڕین بە ناوی دینەوە .
٣٦. تەوسل كردن بە پێغەمبەران و پیاوچاكان وەكو بڵێیت: خودایە بۆ خاتری پێغەمبەر لێم خۆش بە.
٣٧. سەڵەوات دان لەكاتی تەوقەكردن دا .
٣٨. ووتنی (اَقَامَهَا اللهُ وَاَدَامَهَا) لەو كاتەی مُؤذن دەڵێت (قد قامت الصلاة) .
٣٩. پەنجە هێنان بە هەردوو چاو لەكاتی بیستنی بانگ كە مُؤذن دەڵێت: (أَشْهَدُ أَنّ مُحَمّدًا رَسُولُ اللّهِ)
٤٠. ووتنی (صَدَقْتَ وَبَرَرْتَ) لەو كاتەی مُؤذن دەڵێت (الصلاة خير من النوم) .
٤١. ووتنی (الصلاة خير من النوم) لە بانگی دووەمدا بۆ هاتنی نوێژی بەیانی .
٤٢. هەستان بۆ ڕیزبوونی نوێژی جەماعەت لەكاتی بیستنی ووشەی (قد قامت الصلاة).